# وتووێژ لەگەڵ بەریز جەعفەر ئەمینزادە لە سەر ناکۆکییەکانی ناو حیزبی کومونیستی ئێران و کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی ئەو حیزبە و هەلومەرجی فراکسیونی تێکۆشان بەناوی کۆمەڵەوە

**ماڵپەری هەلوێست**

لە ڕۆژانی رابردودا گرژیەکانی نێو حیزبی کومونیستی ئێران و کۆمەڵە،رێکخراوی کوردستانی ئەو حیزبە کە پاش دوایین کونگرەی هێوەر ببوە، دیسان سەری هەڵداوە و هەردوولا (رێبەرایەتیی حیزبی کۆمونیست و فراکسیونی تێکۆشان بە ناوی کۆمەڵە)، بە دەرکردنی ڕاگەیەندراو لایەنی بەرانبەریان بە پێشێلکاریی دیموکراسی، سەرکوت جیابیران، یا لادان لە دیسیپلین و پێرەوی نێوحیزبی ،تاوانبار کرد. گەرچی هێشتا حاسڵی بەکردەوە گەیشتنی ئەو گرژییە دەرنەکەوتووە، بەڵام بێگومان شێوەبەیانی هەردوولا نیشاندەری بەرەو خراپتر چوونی پێوەندیی نیوان یان و تەنانەت جیایی و ئینشعابە.

لەم ماوەدا لە لایەن خوێنەرانی هەڵوێستەوە پەیامێکی زۆرمان پێگەیشتوە کە خوازیاری زانیاریی زۆرتر لە سەر ئاکامی ئەو گرژیانە و بەتایبەت چۆنیەتی هەلومەرجی فراکسیونی تێکۆشان بەناوی کۆمەڵە بوون. بەم بۆنەوە یەکێک لە هاوکارانی هەڵوێست وتووێژێکی کورتی لەگەڵ بەرێز جەعفەر ئەمینزادە یەکێک لە سیما ناسراوەکانی "فراکسیونی تێکۆشان بەرناوی کۆمەڵە" پێکهێناوە کە تارادەیەک هەلومەرجی ئەو فراکسیونە باسدەکات.

ئاشکرایە ماڵپەڕی هەڵوێست بەمەبەستی پاراستنی بێلایەنی،بە ڕەچاو کردنی پرەنسیپەکانی بڵاوکردنەوەی خۆی، ئامادەی بڵاوکردنەوەی هەر چەشنە تێبینی یا وەڵامدانەوەیەکی لایەنی بەرابەر(حیزبی کومونیستی ئێران)ە.

## سەرنجتان بۆ دەقی پرسیار و وەڵامەکان ڕادەکێشین:

**١ ـ بەڕێز ئەمینزادە ماوەیەک لەمەو بەر ڕاگەیەندراوێک لە لایەن حیزبی کومونیستی ئێرانەوە دەرچوو لە سەر ناکۆکییەکانی ناو ئەو حیزبە و تێدا بە شێوەی ناراستەوخۆ ئیشارە بە کۆتایی هاتنی ئیمکانی مانەوەی ئێوە لە چوارچێوەی ئەو حیزبە دەکرێ ، ئەکرێ پێش ئەوە بچینە ناو باسی چۆنییەتی کێشەکە بفەرموون ئاکامی عەمەلی ئەو ڕاگەیەندراوە بۆ ئێوە و لایەنگرانتان چی بووە و ئیستا وەزعەکە بە گشتی چۆنە؟**

**وەڵام:** پێشەکی دەبێ بڵێم کە ئەو کارەی ڕێبەری حیزب هەم بۆ ئێمە و هەم بۆ زۆربەی بیروڕای گشتی بە تایبەت ئەوانەی کە ئەم چەند ساڵە ڕەوتی ڕوووداوەکانی نێو حیزبی کمۆنیستی ئێرانیان ڕەچاو کردوە، چاوەڕوانکراو بوو. ئەگەر لە بیرتان بێت دوو ساڵ لە مەو بەر ڕێبەرایەتی حیزب لە کۆبوونەوەی ڕۆژی کۆمەڵەدا، ڕێگای بۆ وەها کارێک خۆش کرد و بە ڕوونی ڕێگای ڕۆیشتن و جودابوونەوەی بە ئێمە پێشنیار دەکرد. ئەمساڵیش چە لە کۆبوونەوەکانی ڕۆژی کۆمەڵە و چە لە گەلێک لە کۆبوونەوە نێوخۆییەکاندا ڕاشکاوانەتر

ئەو باسانەیان هێنایە گۆڕێ و زۆر بە ئاشکرا هەڕەشەی ئەوەیان کرد کە "ئەگەر خۆیان ئینشعابەکەیان ڕانەگەیەنن ئێمە بۆیان ڕادەگەیەنین." ئاخرەکەشی هەروایان کرد.
جگە لەوە پێویستە ئەوەش بڵێم، کە ئەو کارەی ڕێبەری حکا هەر وەک ڕەنگدانەوەکەی لە نێو بیروباوری گشتیدا بە باشی خۆی نیشان داوە، هیچ شتێک نیە جگە لە تەسفیە و پاڵاوتنێکی نارەوای تەشکیلاتی و تەنانەت دوورە لە یاسا پەسەندکراوە نێو خۆییەکانیش.
جگە لەوە ئەم کارەی ڕێبەری حیزب هەر وەک پێشتریش ئێمە لە ڕاگەیاندنێکی فراکسیۆندا ئاماژەمان پێدابوو؛ ئەو بۆچوونەی ئێمەی بە باشی سەلماند کە"... ئەو ڕێبەریە تەحەمولی بینین و بیستنی هیچ موخالیفەتێکی لە نێوخۆدا نیە".
بەڵام پێش ئەوەی بچمە سەر باسی ئاکامی عەمەلی ئەو کردەوە دژی دمۆکراتیکەی ڕێبەری حکا. لە سەر فراکسیۆن دەبێ ئەوە بڵێم کە کاردانەوەی مەنفی ئەو ئاکارە لە سەر بیر وباوەڕی گشتی کۆمەڵگای کوردوستان گەلێک گرینگتر و جێی سەرنج ترە. ئەم کردەوەیە بە باشی ئەوەی نیشان داوە کە ئەو ڕێبەریە و ئەو مێتۆد و بۆچوونەی ئەوان لە دیتنی کۆمەڵگا،بزووتنەوە و تەشکیلاتدا ڕەچاوی دەکەن فڕی بە سەر قازانج و بەرژەوەندیەکانی کرێکاران و کۆمەڵانی ئازادیخواز و بە سەر کار و ژیان و خەباتی ئەوانەوە نیە بۆیە هەر بەو ئاسانیە کە دەتوانن و لە کادرە بە تەجرەبە و سی ساڵەکانی تەشکیلات دەگوزەرێن، هەر بەو ئەندازەش بە دەربەستی بیر و ڕای گشتی و بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵانی خەڵک و نیگەرانی ڕەنگدانەوەی مەنفی ئەم شێوە کارە لە سەر ئەوانن. حیزبێک کە پێی وایە ڕێبەری بەشێک لە بزووتنەوەیەک لە کوردوستان دەکا (ئیتر لە خۆهەڵکێشانیان لە ئیدیعای حیزبی سەرتا سەری بگەڕێین) دەبێ ئەوە بزانێ کە خەڵک شوێن تەنیا ئیدیعا و لە خۆبایی بوون ناکەون، خەڵک لە پلەی یەکەمدا هەر جەرەیانێکی سیاسی بە پراکتیک و هەڵس و کەوتەکانی و لە قۆناغی جۆراوجۆردا هەڵدەسەنگێنن. حیزبێک کە نەتوانێت تەحەمولی بیری جیاواز لە نێو خۆیدا بکات، چۆن خەڵک دەتوانن بڕوا و متمانەیان پێی هەبێت کە سبەی ڕۆژ پارێزەری مافی کۆمەڵانی خەڵک بە گشتی لە کۆمەڵگادا بێ. کۆمەڵگایەک کە بە شێوەی بەر فراوان گەلێک بیرو ڕای جیاواز و جۆراوجۆری تێدایە.
با بگەڕێمەوە سەر کاکڵی پرسیارەکەتان واتە کاردانەوەی ئەو ڕاگەیاندنە لە سەر ئێمە واتە فراکسیۆن.
فراکسیۆن بە پێچەوانەی کێشەکانی پێشووی نێو حیزبی کمۆنیستی ئێران، ڕەوتێکی فیکرییە، نەک هەڵکەوتووی کێشە و مشت ومڕی بێ بایەخی تەشکیلاتی و دەسەڵاتخوازی. ئەم ڕەوتە فیکرییە تا ئێستا، تا ڕادەیەک لە ڕێگای ڕاگەیاندنەکان و نووسراوەکانیەوە هەوڵی داوە بنەما فیکریەکانی خۆی لانیکەم دەس نیشان بکا و بێگومان لە داهاتویەکی نەک زۆر دوریشدا زۆرتر و تێر و تەسەلتر ئەو بنەما فیکریانەی گەڵاڵە دەکا. کە وایە ئەو خەونە کە ڕیبەری حکا بۆ فراکسیۆنی دیوە واتە پێی وایە بەو جۆرە دەتوانێ دەسبە سەرمان بکات و لە هێز وگەڕمان بخات، بێگومان نایەتە دی. زۆر کەسی دیکەش لە مێژوودا هەوڵی لە بار بردن و نەزۆک کردنی بیر و باور و فیکری نوێ و ئاڵ و گۆڕ پێک هێنەریان داوە، چەندە ئەوان کە زۆر لە حیزبی کمۆنیست و ڕێبەریەکەی بە تواناتر و خاوەن دەسەڵاتتر بوون

توانیان لە پرۆژە کۆنە پەرەسانەکانیاندا سەرکەوتن بە دەست بێنن، ئەمانیش هەر ئەوەندە دەتوانن. ئەمە ئایا بە مانای گارانتی سەرکەوتنی فراکسیۆنە؟ بە مانایەک بەڵێ و بە جۆرێکی دیکەش نەخەیر. ئەگەر فراکسیۆن وەک ئاماژەم پێدا وەک ڕەوتێکی فیکری چاو لێ بکەین، ئەوا بەڵێ ئەو ڕەوتە فیکرییە کەسی خۆی لە کۆمەڵگادا هەیە و بەم شێوە ئاکار و کردەوانە ناکرێت لە باری ببەیت. بەڵام ئەگەر مەبەست ئەو کەسایەتیانە بن کە ئەمڕۆ لە چوارچێوەی فراکسیۆندا پێناسە دەکرێن ئەگەر چی بەشی هەرە زۆریان لە کادر و هەڵسووڕاوانی لە مێژینەی بزووتنەوەیەکی ناسراو و دیاریکراون، دیسانیش کەس ناتوانێ گارانتی و زەمانەتی سەد لە سەدی لە سەر دابنێت. ئەوەی کە هەیە ئەوەیە کە ئێمە وەک فراکسیۆن سوورین لە سەر برینی ئەو ڕێگایەی کە گرتوومانەتە پێش.

**٢ـ ئێوە فراکسیۆنێکتان پێکهێناوە وتائیستاش بە کورتی هێندێکتان باسی بۆچوونەکانی خوتان بۆ رای گشتی کردووە، ئەکرێ لەم دەرفەتەش دا برێک زیاتر ئامانج و روانگەکانی خوتان لە سەر چارەنووس و رۆڵی رێکخستنێک بە ناوی کۆمەڵە، جێگاو شوێنی جوغرافیایی و کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی تێکۆشانی بۆ خوێنەرانی ئێمە باس بکەن؟**

**وەڵام:** ئێمە بەشێک لە خەباتکارانی نێو ڕیزەکانی کۆمەڵەین کە لە پێناو دیفاع لە ماف و بەرژەوەندیەکانی کرێکاران، زەحمەتکێشان، ژنان و هەروەها بۆ دابینکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ میللەتان خەباتمان کردوە.

لە ماوەیەک لەوە پێشەوە ئێمە بەوە گەیشتووین کە بۆ گەیشتن بە ئازادی و سوسیالیسم، بە خۆداچوونەوەیەکی رخنەگرانە لە ڕوانگایەکی مارکسیستیەوە لە ڕابوردووی چەپ پێویستە. ئێمە خۆمان بە بەشێک لەو ڕەوتە دەزانین و هەروەک ئاماژەم پێدا، لە ماوەیەک لەوە پێشەوە ئەو هەڵوێستە ڕخنەگرانەیەمان دەست پێکردوە. بەڵام پێمان وایە ئێستا سەرەتای کارە و بە سەرەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکە گرینگەش تەنیا بە ئەرکی خۆمانی نازانین، بەڵکوو خەڵکانی دیکەش ڕێبواری ئەو ڕێگایەن، پێویستە ئەو ڕەوتە بە گشتی لەم بوارەدا قۆڵی لێ هەڵمالن و کاری بۆ بکەن.

ئێمە ڕەوتێکی سوسیالیستین کە لە نێو کۆمەڵەدا پێکهاتوە. دیارە ئەمڕۆ "سۆسیالیسم"یش بازنەیەکی بەر فراوان لە سۆسیال دیمۆکراسیەوە تا "چەپی پرۆ رووسی" و تا چەپی سوسیالیستی کلاسیک دەگرێتە بەر. ئەوەی کە دیاری دەکا کێ و چ جەرەیانێک بە ڕاستی و لە کردەوەدا و نەک تەنیا بە دروشم و شیعار سۆسیالیستە، بە دوور لە ئیدیعا و بە خۆهەڵداگوتن، پراتیک و هەڵسوکەوتی ئەو جەرەیانەیە لە مەیدانی عەمەلدا. کۆمەڵە هەر لە سەرەتای پێکهاتنییەوە، مەیدانی سەرەکی هەڵسووڕان و هەڵسوکەوتی کوردوستان بووە. بەڵام لە هیچ دەورەیەکدا کۆمەڵە لە پێناو قازانج و بەرژەوەندی کۆمەڵانی کرێکاردا و ئازادی و سوسیالیسمدا خۆی بە هیچ سنوور و چوارچێوەیەکی جۆغرافیاییەوە نەبەستوەتەوە و لەو پێناوەدا چ لە ئاستی ئێران و ناوچەکە و چ تەنانەت لە ئاستی جیهانیشدا ئەگەر کارێکی لە دەست هاتبێت درێغی نەکردوە. ئەوە، چرای ڕێگای داهاتووی ئێمەش دەبێت.

هەر وەک لە جواب بە پرسیاری یەکەمدا دەست نیشانم کردوە و ئێوەش لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێداوە، ئێمە تا ئێستا بە ڕادەیەک هەوڵمان داوە سەر خەتی بۆچوونەکانی خۆمان لە ئاستی گشتیدا باس بکەین. لە هەمان کاتدا دەزانین کە ئەوە تەنیا دەسپێکی کارەکەیە و لە داهاتوویەکی نزیکدا وردتر دەچینە سەر ئەو باسانە و هەوڵدەدەین زیاتریان لە سەر بدوێین. لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێم کە بەشێک لە پێناسەی ئێمە ئەوەیە کە هەر ئاڵ وگۆڕێکی بچووک و هەر هەڵسو کەوتێکی کۆمەڵایەتی تەنانەت بچووکیش بە لای ئێمەوە گرینگی خۆی هەیە و بە کردەوە بۆ جواب پێدانەوەی تێدەکۆشین و بە بیانووی ئەوەی کە گوایە کاری گەورەترمان لە بەرنامەدایە خۆیی لێ گێل ناکەین. خاڵێکی دیکەی جێی ئاماژە ئەوەیە کە بە داخەوە بۆ چوون و هەڵس وکەوتی ئەم چەند ساڵەی دوایی ئەم تەشکیلاتە بڕوا و متمانە کۆمەڵانی خەڵکیان بە گاڵتە گرتوە و بریندایان کردوە. ئەرکێکی دیکەی ئێمە ئەوەیە کە: یەکەم هێزی بڕوا و متمانە بە خۆلە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا ببووژێنینەوە و لە لایەکی دیکەشەوە متمانەی کۆمەڵانی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش بە کۆمەلە و بە خۆمان تازە بکەینەوە.

**٣ـ پاش ئەو هەڵویست و بڕیارەی حیزبی کومونیستی ئێران، ئێوە چە کاردانەوەیەکتان بووە (یان دەبێ) و ئایا ئێمە شاهێدی لە دایکبوونی "کۆمەڵەیەکیتر" دەبین؟**

**وەڵام:** ئێمە ئەوەمان بە ڕاشکاویەوە باسکردوە کە لە گەڵ  سیاسەت و مێتود و بۆچوونەکانی ڕێبەری حکا ناکۆکی و جیاوازیمان هەیە.
هۆکاری سەرەکی پێکهاتنی ئەم ڕەوتەی ئێمە، دوور کەوتنەوە و لادانی ڕێبەری حکا لە بنەما فیکری و ئینسانیەکانی مارکسە. کەڵک وەر گرتن لە نێوی کۆمەڵە بۆ ڕێبەری حکا قازانجی مادی تێدایە، ئەگینا ئەوان بە خەتی سیاسی و بە کردەوە هیچ پەیوەندیەکیان بە کۆمەڵە و بە سوننەتەکانیەوە نەماوە. بڕیاری ئەم دواییەی ئەوان لەسەر حەزف و پاڵاوتنی تەشکیلاتی فراکسیۆن، تازەترین بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ئەم ئیدیعایە. ئەوان وەک ستالین دەجووڵێنەوە بەڵام بە خۆشیەوە دەسەڵاتی ئەویان نیە.
ئێمە نەمان ویستوە جیاییەکی دیکە لە نێو چەپدا ڕوووبدات. هەر وەک چەندین جار ئەوەمان دووپات کردوەتەوە، ئەوە ڕێبەری حیزبە کە لە مێژە ڕێگای ئینشیعاب و جیابوونەوەی گرتوەتە بەر. ئەم هەڵوێستەی ئێستایان ئیدامەی هەمان سناریۆی حەزف و پاڵاوتنی نەیارانە کە لانی کەم لە دووساڵ لەمەو بەرەوە گرتوویانەتە بەر. ئێمە کۆمەڵەین و کەس ناتوانێ بە نووکی قەڵەمێک لە کۆمەڵە بوون بێ بەریمان بکا. ئەوە ئەوانن کە دەبێ بە خەڵک بڵێن کێیان حەزف کردوە. ئەوانەی کە ئەوان بە بڕوای خۆیان حەزفیان کردوون، هەموویان سیمای ناسراو و جێ متمانەی خەڵکی شار و دیهاتەکانی کوردوستانی ئێرانن. ڕێبەری حیزب تەنانەت لە هێنانی ناویشیان سڵ ئەکات.

**٤ـ ئێوە دەزانن جگە لە ئێوە چەند لایەنی دیکەش خویان بە کۆمەڵە و میراتگری رابوردوو و سونەتەکانی پێناسە دەکەن، جیاوازی ئێوە لەگەڵ ئەوان چیە و لە سەر کام بنچینە دەتانەوێت هەڵسو کەوت لەگەڵ ئەوان دا بکەن؟**

**وەڵام:** ئێمە پێناسە و ناسناوی خۆمان لە دیاریکردنی جیاوازیەکانمان لە گەڵ خەڵک و جەرەیانی دیکە دەر نەهێناوە. هەروەک پێشتریش و لە وڵامی پرسیارەکانی پێشوودا وتوومە، ئێمە خۆمان بە بەشێک لە ڕەوتێکی فیکری و سیاسی دیاریکراو دەزانین کە مێتود و بۆچوونی خۆی هەیە چ لە تاکتیک و چ لە ستراتژیدا. بە ڕوون بوونەوەی وردتری ئەو بۆچوونانە و بە پراکتیکی داهاتووی ئەم ڕەوتە لە بواری عەمەلدا، هەم جیاوازیەکان بۆ بیرو باوەڕی گشتی ڕوونتر دەبێتەوە و هەم بواری ئەوەش بۆ هەموو کەس چ وەک جەرەیانی سیاسی و چ وەک کەسایەتی دەرەخسێ کە خۆی لەم ڕەوتەدا دەبینێتەوە یان نە.
ئەوەش کە ئێمە پەیوەندیەکانمان لە گەڵ رەوت و جەرەیانەکانی دیکە چون و لە سەر چ بنمایەک دادەمەزرێنین دەبێ بڵێم کە: یەکەم ئێمە هەر وەک پێشتریش ڕامان گەیاندوە درگای دیالۆگ و لێک تێگەیشتن لە ڕووی خۆمان داناخەین و لەم بابەتەوە قایل بە ڕەش و سپی کردن نین. بۆیە بۆ هەر چەشنە دیالۆگ و کێشەیەکی شارستانیانە ئامادەین. ئێمە خۆمان لە کەس بە زیاتر نازانین و دیارە پاراستنی حورمەت و کەرامەتی ئینسانەکانمان بە لاوە گرینگە و هەر وەک هەمیشە خۆمان لە هەر چەشنە باس و کێشەیەک کە بچێتە مەیدانی بێحورمەتی کردن بە ئینسانەکان خۆ دەپارێزین.

**٥ـ حیزبی کومونیستی ئێران لە قسە و نووسینەکانیا لە سەر ئێوە، بەوە تاوانبارتان دەکەن کە کارکردن بە ناوی کۆمەڵەوە بۆ ئێوە بیانوویە و دەڵێن ئێوە بڕواتان بە ئامانجە بنەرەتییەکانی کۆمەڵە (کومونیسم) نەماوە، لەمبارەوە چی دەڵێن؟**

**وەڵام:** ئەوەی کە ئێمە بڕوامان بە بنەما فیکریەکانی کۆمەڵەوە ماوە یان نە، ئێستا تەنیا لە چوارچێوەی ئیدیعایەکدا دەمێنێتەوە. ئەوە ئەزقەزا، یەکێکە لەو بۆچوونە چەوتانەی زال بە سەر چەپی کلاسیکدا، کە بەردەوام لە دژی ئەم و ئەو ئیدیعای بێ بنەما دێننە گۆڕێ بە بێ ئەوەی خۆیان بە دەربەست بزانن کە بیسەلمێنن. ئێمە لە گەڵ ئەو بۆچوونە نین و خۆمانی لێ دوور دەخەینەوە. ئەوەی کە تا ئێستا وەک دەسکەوتی کۆمەڵایەتی لە هەموو بوارەکاندا و لە بزووتنەوەی شوڕشگێڕانەی کوردوستاندا بەدیکراون و مۆری کۆمەڵەیان پێوە دیارە بەرهەمی کار و خەباتی هەموومانە، بە ئەوانیش و بە خەڵکی دیکەشەوە. لەو بوارەشدا ئەگەر لەوانمان زیاتر نەکردبێت کەمترمان نەکردوە. ئەوەشی کە بگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە کێ بە سوننەتەکانی کۆمەڵە پابەند ماوە و کێ نەماوە، ئەوە ئاکار و پراتیکی داهاتوو هەم لە مەیدانی خەباتی سیاسی و هەم لە بواری کار و کردەوەی ڕۆژانە دەر حەق بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و ژیان و قازانج و بەرژەوەندی کۆمەڵانی خەڵکدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەگەر لە بازنەی ئیدیعا بچینە دەر، ئەوە ئاکار و کردەوەکانی ئەم یەک دوو ساڵەی دوایی ڕێبەری حیزبی کمۆنیستی ئێرانە کە بە ڕوونی نیشانی داوە نەک هەر لە بنەما فیکریەکان و سوننەتە

به نرخەکانی کۆمەڵە و لە بنەما فیکریەکانی مارکس لایان داوە، بەڵکوو بە تەواوی قازانج و بەرژەوەندیەکانی خەڵک و کۆمەڵگایان کردوەتە فیدای پاراستنی قازانج و بەرژەوەندە کەم بایەخە تەشکیلاتی و شەخسیەکانیان.

**٦ـ ئێوە چۆن دەڕواننە رزگاری یەکجاری کوردان واتا پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ بۆ گشت کوردان؟**

**وەڵام:** تا ئەو جێگەی بە ڕێگا چارەی سەرەکی بۆ کێشەی نەتەوایەتی دەگەڕێتەوە، بۆچوونی من ئەوەیە کە هیچ ڕێگایەکی‌تر جگە لە پێکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆ، جواب بە چارە سەر کردنی یەگجاری مەسەلەی میللی ناداتەوە. بەم پێیە، میللەتی کوردیش مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆێ واتە جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی هەیە. بەڵام ئایا جگە لەو مەسەلە ڕێگای دیکە بۆ جوابدانەوە بە کێشەی نەتەوایەتی لە قۆناغی جۆراوجۆردا نیە؟ بێگومان دەتوانێ هەبێت، بەڵام گەلێک فاکتۆر و هەل ومەرجی تایبەت لە فاکتۆرە نێو خۆییەکانەوە تا دەرەکی و نێونەتەوەییەکان لە هەڵبژاردنی ئەم یان ئەو ئاڵتێرناتیڤدا دەور دەگێڕن کە جەرەیانێکی جیدی سیاسی ناتوانێ و نابێ لە بەر چاویان نەگرێت. خاڵێک کە لێرەدا گرینگە ئەوەیە کە نابێ قازانج و بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵانی خەڵک بکرێنە دەسمایەی ساخت و سازانی سیاسی.

**بەڕیز جەعفەر ئەمینزادە زۆر سپاس بۆ بەشداریتان لەم وتووێژە دا**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست**